**ڕێنماییەکانی تۆمارکردن و پەسەندکردنی لیستەکانی پاڵێوراوان بۆ هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان – عێراق 2024**
**هەموارکراو**

وەرگێڕانی: سەکوان حەم ئەرگۆشی

بە پشتبەستن بەو دەسەڵاتەی بە ئەنجوومەنی کۆمسیاران دراوە لە ماددەی (10/هەشتەم) لە یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ژمارە (31) بۆ ساڵی 2019 و یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان – عێراق ژمارە (1) بۆ ساڵ 1992ی هەموارکراو و هەمواری حەوتەم ژمارە (15) بۆ ساڵی 2013، بڕیاری دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییانەمان دا:

## ڕێنماییەکانی تۆمارکردن و پەسەندکردنی لیستەکانی پاڵێوراوان

## بۆ هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان – عێراق 2024 هەموارکراو

## بەشی یەکەم

## پێناسەکان و پیادەکردن

**مەبەست لەم دەستەواژانە، ماناکانی بەرانبەریانە:-**

**1. فۆڕمی نوێنەری ڕێپێدراو ژمارە (11)**: نوێنەری ڕێپێدراو، کەسێکە لەلایەن سەرۆکی هاوپەیمانی یان حزبی سیاسی یان پاڵێوراوی تاک پەسەندکراوە، بەپێی نموونەیەکی ڕێگەپێدان کە لەلایەن کۆمسیۆنەوە ئامادە کراوە و مافی ئەوەی پێدەدات کە بەپێی برگە ئاماژەپێکراوەکانی ناو ڕێگەپێدان، لیستی پاڵێوراوان پێشکەش و هەموار بکاتەوە.

**2. بەڵێننامەی کەسی فۆڕمی ژمارە (12):** دانپێدانانی پاڵێوراو بە هەبوونی مەرجەکانی پاڵاوتن تێیدا، بەپێی ئەو نموونەیەی کە لەلایەن کۆمسیۆنەوە ئامادەکراوە.

**3. فۆڕمی ژمارە (13):** نمونەیەکی ئامادەکراوە لەلایەن کۆمسیۆنەوە، بۆ پێشکەشکردنی ناوی پاڵێوراوانی هاوپەیمانی و حزبە سیاسییەکان و پێکهاتەکان.

**4- فۆڕمی ژمارە (14)** نمونەیەکی ئامادەکراوە لەلایەن کۆمسیۆنەوە، تێیدا پاڵێوراو بەڵێن دەدات کە پابەندی ڕێساکانی ڕەفتار بێت و سەرپێچی بەندەکانی نەکات.

**5- فۆڕمی ژماره (15):** نمونەیەکی ئامادەکراوە لەلایەن کۆمسیۆنەوە، تێیدا پاڵێوراو بەڵێن دەدات کە توانای خوێندنەوە و نووسینی هەیە.

6- **فۆڕمی ژمارە (16):** نمونەیەکی ئامادەکراوە لەلایەن کۆمسیۆنەوە، وەک پسووڵەیەک بۆ وەرگرتنی بەراییەکان (اولیات)ی پاڵاوتن کە لە پاڵێوراوی تاک داوا دەکرێن.

7- **فۆڕمی ژمارە (17):** نمونەیەکی ئامادەکراوە لەلایەن کۆمسیۆنەوە، وەک پسووڵەیەک بۆ وەرگرتنی لیستەکانی پاڵێوراوانی هاوپەیمانی و حزبی سیاسی.

## بەشی دووەم

**بازنەکانی هەڵبژاردن؛ کە هاوپەیمانێتییەکان و حزبەکان و پێکهاتەکان و پاڵێوراوی تاک مافی ئەوەیان هەیە ڕکابەریی لەسەر بکەن:**

**یەکەم:** هەرێمی کوردستان-عێراق، بۆ چوار بازنە (ناوچە)ی هەڵبژاردن دابەش دەکرێت: (هەولێر، دهۆک، سلێمانی، هەڵبجە).

**دووەم:** پەرلەمانی کوردستان لە (100) کورسی پێکدێت و بەسەر ناوچەکانی هەڵبژاردندا دابەش دەکرێن، بەمشێوەیە:

| ناوچەی هەڵبژاردن | ژمارەی گشتیی کورسییەکان | ژمارەی کورسیی گشتی | ژمارەی کورسیی پێکهاتەی مەسیحی | ژمارەی کورسیی پێکهاتەی تورکمان |
|---|---|---|---|---|
| **هەولێر** | 34 | 32 | 1 | 1 |
| **سلێمانی** | 38 | 36 | 1 | 1 |
| **دهۆک** | 25 | 24 | 1 | 0 |
| **هەڵەبجە** | 3 | 3 | - | - |
| **کۆی گشتی** | 100 | 95 | 3 | 2 |

**سێیەم:** خۆپاڵاوتن بۆ کورسییەکانی کوتای تایبەت بە مەسیحی و تورکمانەکان تاکەکەسی دەبێت و لە چوارچێوەی بازنە (ناوچە)ی هەڵبژاردنی پاڵێوراوەکەدا دەبێت. هەر کەسێک بەرزترین دەنگی بەدەستهێنا، ئەو بە براوە دادەنرێت.

## بەشی سێیەم

## مەرجەکانی پاڵاوتن و میکانیزمی پێشکەشکردنی لیستەکانی پاڵێوراوان

**یەکەم: لە پرۆسەی تۆمارکردنی پاڵێوراواندا، مەرجە ئەم خاڵانە هەبن:**

هەر دەنگدەرێکی شیاو کە کارتی دەنگدەری هەبێت، مافی ئەوەی هەیە لە هەڵبژاردندا خۆی کاندید بکات، بەمەرجێک ئەو مەرجانەی تێدا فەراهەم بن کە لە مادەی (5)ی **پەیرەوی تۆمارکردن و پەسەندکردنی لیستەکانی پاڵێوراوان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (7) بۆ ساڵی 2024ی هەمواركراو**دا هاتوون، کە ئەمانەن:

1- لە هاونیشتمانییانی هەرێمی کوردستان بێت و نیشتەجێی ئەو ناوچەی هەڵبژاردنە بێت کە تێیدا کاندیدە.

2 – شیاویی تەواوی هەبیت. لە رۆژی دەنگدانی تایبەتدا، بیست و پێنج ساڵی تەمەنی تەواو کردبێت.

3 – توانای خوێندنەو و نووسینی هەبێت.

4 – سزا نەدرابێت بە زیندانیکردن بەهۆی تاوانی ئابرۆبەر و ئاکاری گشتی و دەستپاکی.

5 – سزا نەدرابێت بە زیندانیکردن بەهۆی تاوانی کوشتنی ئەنقەست یان دزی.

6 – بەشداری نەکردبێت لەو تاوانانەی کە دەسەڵاتی سەرکوتکەر پلانی بۆ دارشتبوو یان لە هەرێمی کوردستانی عێراق ئەنجامی دابێت.

7- کۆمسیۆن بۆی هەیە لیستەکانی پاڵێوراوان بنێرێت بۆ لایەنە پەیوەندارەکان بۆ دڵنیابوون لە شیاویی پاڵێوراو.

**دووەم: مەرجە لیستەکانی پاڵێوراوان ئەمانە لەخۆ بگرێت:**

- پێویستە ڕیزبەندیی پاڵێوراوان لەناو ئەو لیستەدا کە حزبی سیاسی یان هاوپەیمانی پێشکەشی کۆمسیۆن دەکات، بەپێی ئەو ڕێنماییانە بێت کە کۆمسیۆن ئامادەی دەکات.
- پێویستە ژمارەی پاڵێوراوان زیاتر نەبێت لە دووئەوەندەی ژمارەی کورسییە گشتییەکانی بازنە (ناوچە)ی هەڵبژاردن و لە دوو پاڵێوراو کەمتر نەبێت و یەکێکیان ئافرەت بێت. پێویستە حزب و هاوپەیمانێتییەکان پابەند بن بە ڕێژەی نوێنەرایەتیکردنی ئافرەتان و لە 30% کەمتر نەبێت.

- پێویستە خۆپاڵاوتن بۆ کورسیی پێکهاتەکان، خۆپاڵاوتنی تاکەکەسی بێت، چ لە چوارچێوەی لیستی (هاوپەیمانی یان حزب)دا بێت لە بازنە (ناوچە)ی هەڵبژاردندا، بەمەرجێک زیاتر نەبێت لە دووئەوەندی ژمارەی کورسییەکان. پاڵێوراوانی کورسیی پێکهاتەکان و پاڵێوراوی تاک بەدەر دەکرێن لە ڕێژەی نوێنەرایەتی ئافرەتان کە پێویستە کەمتر نەبێت لە 30%ی کۆی گشتی کورسییەکان.
- لە کاتی خۆپاڵاوتندا، پاڵێوراوی تاک بەدەر دەکرێت لە مەرجی دووئەوەندەی ژمارەی کورسییەکان.
- ئەو لیستانەی لەلایەن (هاوپەیمانێتییەکان و حزبە سیاسییەکان و پاڵێوراوی تاک)ەوە لە ماوەی (2024/3/13 تاوەکو 2024/3/31) پێشکەشکراون، بە پەسەندکراو دادەنرێن و گەرەنتی مافە داراییەکانیان دەکرێت (تێچووی بەشداریکردن و لێکۆڵینەوە). ئەگەر هاتوو نیازی بەشدارینەکردنی هەبوو لە هەڵبژاردندا، داواکاریی کشانەوە پێشکەش دەکات.
- پاش کۆتاییهاتنی وادەی دیاریکراو بۆ پەسەندکردنی پاڵێوراوان، هاوپەیمانێتییەکان و حزبە سیاسییەکان بۆیان نییە لیستی پاڵێوراوان بکشێننەوە یان بیگۆڕن یاخود لیستێکی جیاواز پێشکەش بکەن، مەگەر کۆمسیۆن ئەو داوایە بکات، بە مەبەستی ئەوەی تاوەکو لیستەکە مەرجەکانی ئەم پەیڕەوە لەخۆ بگرێت. لەم حاڵەتەدا، پێویستە لیستی داواکراو کە گۆڕانکارییەکەی تێدا ڕوودراوە، پێش کۆتاییهاتنی وادەی دیاریکراو لەلایەن کۆمسیۆنەوە بۆ پەسەندکردن، پێشکەش بکرێت.
- پێویستە لیستەکانی پاڵێوراوان پێشکەش بە نووسینگەی هەڵبژاردنی هەرێم یان نووسینگەکانی هەڵبژاردن لە پارێزگاکانی هەرێم بکرێن بەمەبەستیووردبینیکردن.
- لەکاتی داواکردن بۆ وەرگرتنی فۆڕمی پاڵاوتن کە لە کۆمسیۆنەوە دەردەچێت، هاوپەیمانیی سیاسی پابەندە بە ئاشکراکردنی لایەنگیریی پاڵێوراوی هەر حزبێکی سیاسی لە حزبە پێکهێنەرەکانی هاوپەیمانی.
- پاڵێوراوی دەرەوەی سنووری ناوچەی هەڵبژاردن (بازنەی هەڵبژاردن)، بۆی نییە خۆی بۆ ناوچەی هەڵبژاردنەکە کاندید بکات، بەپێی کارتی نیشتەجێبوون یان پشتگیریی نیشتەجێبوون کە لەلایەن لایەنە پەیوەندارەکانەوە پەسەند کرابێت.
- هەرێمی کوردستان – عێراق لە چوار ناوچەی هەڵبژاردن (بازنەی هەڵبژاردن) پێکدێت و بریتین لە (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە)، سەبارەت بە کورسییە گشتییەکان.
- هەرێمی کوردستان – عێراق لە سێ ناوچەی هەڵبژاردن (بازنەی هەڵبژاردن) پێکدێت و بریتین لە (هەولێر، سلێمانی، دهۆک)، سەبارەت بە کورسیی پێکهاتەکان.

- پاڵێوراوی تاک کە لەلایەن کۆمسیۆنەوە پەسەند نەکرابێت، مافی ئەوەی نییە بەشداریی لە هەڵبژاردندا بکات.
- پاڵێوراوی تاک بۆی هەیە تەنها لە یەک بازنە (ناوچە)ی هەڵبژاردن بەشداریی هەڵبژاردن بکات. لە ماوەی وەرگرتنی لیستەکانی پاڵێوراوان، بۆی هەیە بکشێتەوە و لەنێو لیستی حزب یان هاوپەیمانیدا خۆی کاندید بکات.
- **پێویستە پاڵێوراوی تاک/** دوو کۆپی (ڕەسەن) لە پەڕاوی پاڵێوراو پێشکەش بکات کە بەڵێننامەی کەسی- ڕێساکانی ڕەفتار- فۆڕمی خوێندنەوە و نووسین ژمارە (15) و ( یەک بڕوانامەی ڕەسەنی خوێندن (ئەگەر هەبوو) و کۆپییەکی ڕەنگاوڕەنگ لە بڕوانامەی خوێندن) و بەڵگەنامەکانی ناساندن و کارتی بایۆمەتریی دەنگدەر، لەخۆ دەگرێت.
- **پێویستە هاوپەیمانێتی وحزبە سیاسییەکان:** دوو کۆپی (ڕەسەن) لە فۆڕمی پاڵێوراوان پێشکەش بکەن، هەروەها پەڕاوی پاڵێوراو کە ئەمانە لەخۆ دەگرێت ( بەڵێننامەی کەسی- ڕێساکانی ڕەفتار- فۆڕمی خوێندنەوە و نووسین) و یەک بڕوانامەی ڕەسەنی خوێندن (ئەگەر هەبوو)، یان هاوتاکەی (ڕەسەن) و ئاڕاستەی کۆمسیۆن کرابێت، هەروەها کۆپییەکی ڕەنگاوڕەنگ لە هەردووکیان، هەروەها بەڵگەنامەکانی ناساندن و کارتی بایۆمەتریی دەنگدەر.
- پێویستە سەرۆکی هاوپەیمانی و حزبی سیاسی، بەپێی فۆڕمی ئامادەکراو بۆ ئەم مەبەستە، ڕێگە بە نوێنەری ڕێپێدراوی خۆیان بدەن. ناکرێت یەک ڕێپێدراو بۆ دوو هاوپەیمانی یان دوو حزب پەسەند بکرێت.

**سێیەم: میکانیزمی پێشکەشکردن:**

1. نوێنەری ڕێپێدراو یان پاڵێوراوی تاک یان ڕێپێدراوەکەی هەڵدەستێت بە سەردانیکردنی نووسینگەی هەڵبژاردنی پارێزگا و ئەو بەڵگەنامانە پێشکەش دەکات کە ڕێپێدانەکەی دەسەلمێنێت (سەبارەت بە هاوپەیمانێتی و حزبەکان و لیستە تاکەکەسییەکان و پێکهاتەکان)، هەروەها پێشکەشکردنی ژمارەی کارتی نیشتمانی یان ژمارەی ناسنامەی باری شارستانی و ژمارەی ڕەگەزنامەی عێراقی، سەبارەت بە هاوپەیمانێتی و حزب و پاڵێوراوی تاک، بەمەبەستی دانانی هەژمارێک بۆ چوونەنێو سیستەم.

2. فەرمانبەری تایبەتمەندی کۆمسیۆن (هۆبەی حزبەکان و کاروباری پاڵێوراوان لە نووسینگەی هەڵبژاردنی پارێزگا) ئەم زانیارییانەی خوارەوە دەدات بە نوێنەری ڕێپێدراو یان پاڵێوراوی تاک:

- لینکی تایبەت بۆ چوونەنێو سیستەم.
- زانیارییەکانی هەژماری چوونەنێو سیستەمی تایبەت بە هاوپەیمانێتی و حزبە سیاسییەکان و پێکهاتەکان و پاڵێوراوی تاک.

3. لە ڕێگەی ئەو زانیارییانەی هەژمار، کە لە نووسینگەی هەڵبژاردنی پارێزگا وەریگرتووە، نوێنەری ڕێپێدراو دەچێتە نێو سیستەم بۆ پڕکردنەوەی ئەلیکترۆنیی داتاکانی فۆڕمی ڕێپێدان. دواتر کلیک لەسەر (ناردن و چاپکردن) دەکات بەمەبەستی ناردنی داتاکان بەشێوەیەکی ئەلیکترۆنی بۆ سێرڤەری ناوەندی لە نووسینگەی نیشتمانی، پاشان چاپکردنی فۆڕمەکە بەمەبەستی واژۆکردن و مۆرکردنی لەلایەن سەرۆکی هاوپەیمانی یان حزب یان پاڵێوراوی تاک.

**چوارەم: ماوە و شوێنی پێشکەشکردن:**

1. پێویستە لیستی تاکەکەسی و ئەو  هاوپەیمانی و حزبە سیاسییانەی لەلایەن فەرمانگەی حزب و ڕێکخستنە سیاسییەکانی کۆمسیۆنەوە مۆڵەتیان پێدراوە، هەروەها (بەپێی یاسای حزبەکانی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە17 بۆ ساڵی 1993 تۆمارکراون) لیستی پاڵێوراوان پێشکەش بە نووسینگەکانی هەڵبژاردن لە هەرێمدا بکەن، لەو ماوەیەی کە کۆمسیۆن دیاریدەکات.

2- بەدرێژایی ڕۆژەکانی هەفتە و لە کاتی دەوامی فەرمیدا، لیستەکانی پالێوراوان وەردەگیرێن.

3- پێویستە هاوپەیمانییەکان و حزبە سیاسییەکان و پێکهاتەکان و لیستە تاکەکەسییەکان، پابەندی ئەو ماوە دیاریکراوەی سەرەوە بن. داواکارییەکان، پێش یان دوای کۆتاییهاتنی دەوامی فەرمی (پاش کاتژمێر 3ی ئێوارە) وەرناگیرێن، تا کۆتا ڕۆژ لە ماوەی دیاریکراو.

4- سەرۆکی هاوپەیمانی یان حزب بۆی هەیە لیستی پاڵێوراوان پێشکەش بکات، هەروەها دەکرێت کەسێک بکرێت بە ڕێپێدراو بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە، بەمەرجێک لیستەکان تەنها لەلایەن سەرۆکی هاوپەیمانی یان سەرۆکی حزب واژۆ بکرێن. لەحاڵەتێکدا ئەگەر زیاتر لە لیستێک پێشکەش کران، ئەوا کۆتا لیست کە لەلایەن هاوپەیمانی یان حزب پێشکەش کراوە، پەسەند دەکرێت.

5-  لە حاڵەتی کشانەوەی یەکێک لە حزبە سیاسییەکان لە هاوپەیمانێتی سیاسی، پێش کۆتاییهاتنی ماوەی پێشکەشکردنی لیستی پاڵێوراوان، پێویستە هاوپەیمانێتی ڕاگەیاندنی فەرمانگەی کاروباری حزب و

ڕێکخستنە سیاسییەکان ئاگادار بکاتەوە، پاشان لیستێکی نوێی پاڵێوراوان پێشکەش بکات. هیچ حزبێک بۆی نییە پاش کۆتاییهاتنی ماوەی پێشکەشکردنی لیستی پاڵێوراوان لە هاوپەیمانێتی بکشێتەوە.

**پێنجەم**: هاوپەیمانی یان حزبی سیاسی یان پاڵێوراوانی پێکهاتەکان یان پاڵێوراوی تاک، پابەندە بە پێشکەشکردنی ئەو بەڵگەنامانەی کە لەلایەن کۆمسیۆنەوە داواکراون.

**شەشەم:** کۆمسیۆن بۆی هەیە پەسەندکرنی پاڵێوراوێک هەڵوەشێنێتەوە، ئەگەر سەلمێنرا کە سەرپێچی یەکێک لە مەرجەکانی پاڵاوتنی کردووە کە لە بەشی دووەمی ئەم ڕێنماییانەدا هاتوون، یاخود هەر سەرپێچییەک لەو ڕێنماییانەی کۆمسیۆن دەریدەکات.

حەوتەم: پارێزگا بە سنووره ئیدارییەکانی ئێستایەوە، دەبێتە بازنە (ناوچە)یەکی هەڵبژاردن، بەمشێوەیە، هەرێم دەبێتە چوار ناوچەی هەڵبژاردن بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان عێراق 2024 بەپێی یاسای هەڵبژاردن، هەروەها دەبێتە سێ بازنە (ناوچە)ی هەڵبژاردن سەبارەت بە پێکهاتەکان بەپێی بڕیاری دەستەی دادوەریی هەڵبژاردن بە ژمارە (355/ دەستەی دادوەریی هەڵبژاردن/2024) لە 2024/5/20.

## بەشی چوارەم

## گفتوگۆکردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان بۆ دڵنیابوون لە شایستەیی پاڵێوراوان

**وەزارەتەکان و دامەزراوە پەیوەندارەکان:**

لە ماوەی (15) ڕۆژ لە بەرواری ناردنی، لیکوڵینەوە لە پاڵێوراوان دەکرێت.

- ناوی پاڵێوراوان دەنێردرێن بۆ/ دەستەی دەستپاکی و وەزارەتی ناوخۆ (بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی تاوان) لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدڕاڵی، بۆ دڵنیابوون لە نەبوونی هیچ دژبەرییەک لەگەڵ شایستەیی پاڵێوراو، بەپێی یاسا.

- لە حاڵەتی نەبوونی وەڵام لەلایەن لایەنەکانی لێکۆڵینەوە، لیستەکان بە شیاو دادەنرێن بۆ پەسەندکردنیان لەلایەن کۆمسیۆنەوە.

## بەشی پێنجەم

## لیستی کۆتایی پاڵێوراوان

**لیستی کۆتایی پاڵێوراوان و ئەرشیفکردن:**

**یەکەم:** ڕێکخستنی ڕاپۆرتێکی تایبەت بە ناوی هاوپەیمانێتییەکان و حزبە سیاسییەکان و لیستی پێکهاتەکان و لیستە تاکەکەسییەکان، ئەوانەی کە لیستی پاڵێوراوانی خۆیان پێشکەش کردووە بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا.

**دووەم:** لیستی پالێوراوان لە هاوپەیمانێتی و حزبە سیاسییەکان و پێکهاتەکان و لیستە تاکەکەسییەکان وەر دەگیرێت و لە نووسینگەی هەڵبژاردنی هەرێمی یان نووسینگەکانی هەڵبژاردن لە پارێزگاکانی هەرێمدا ووردبینییان بۆ دەکرێت، بەپێی ئەو مەرجانەی لە یاسای هەڵبژاردن و ڕێنمایی و ڕێکارەکانی کۆمسیۆندا هاتوون.

**سێیەم:** دوای تەواوبوون لە داخڵکردنی داتای تایبەت بە پاڵێوراوان لە سیستەمی ئەلیکترۆنیدا و ووردبینیکردنیان لەگەڵ لیستە ڕەسەنەکان، لیستەکانی ناوی پاڵێوراوان، بەپێی بازنەی هەڵبژاردن ئامادە دەکرێن.

**چوارەم:** لەبارەی زانیارییە پێویستەکان بۆ پسووڵەی دەنگدان، هەماهەنگی لەگەڵ هۆبەی دیزاین لە فەرمانگەی ڕاگەیاندن و پەیوەندی جەماوەری دەکرێت. وە ئامادەکردنی لیستێک لە داتای پێویست بەمەبەستی دیزایینکردنی پسووڵەی دەنگدان.

**پێنجەم:** دەستدەکرێت بە ئامادەکردن و ڕێکخستنی تیروپشکی ژمارەکان (هاوپەیمانێتییەکان و حزبە سیاسییەکان و پێکهاتەکان و لیستە تاکەکەسییەکان)، لە شوێنێک کە دواتر لەلایەن ئەنجوومەنی کۆمسیارانەوە دەستنیشان دەکرێت.

**شەشەم:** پێویستە لەسەر هۆبەی دیزاینەکان، پسووڵەی دەنگدان بنێرێت بۆ هۆبەی کاروباری پاڵێوراوان و فەرمانگەی کاروباری حزب و ڕێکخستنە سیاسییەکان، بۆ دڵنیابوون لە درۆستی گشت ئەو زانیارییانەی تێیدا هاتوون، دواتر بەرزی بکاتەوە بۆ بەڕێوەبردنی باڵا (الادارة العليا) بەمەبەستی پەسەندکردنی.

**حەوتەم:** دوای تەواوکردنی پرۆسەی ووردبینی و دڵنیابوون لە شایستەیی پاڵێوراوان، لیستەکانی پاڵێوراوان لەلایەن ئەنجوومەنی کۆمسیارانەوە پەسەند دەکرێن، بەپێی خشتەی کات کە لەلایەن کۆمسیۆنەوە ئامادە دەکرێت.

## بەشی شەشەم

**ماف و پابەندییەکانی هاوپەیمانی و حزبی سیاسی و پێکهاتەکان و پاڵێوراوی تاک**

**یەکەم: مافەکانی هاوپەیمانی و حزبی سیاسی و پێکهاتەکان و پاڵێوراوی تاک:**

1. هاوپەیمانی و حزبە سیاسییەکان و تاکەکەسەکان مافی پێشکەشکردنی لیستی پاڵێوراوانیان هەیە بۆ بەشداریکردنی لە هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان-عێراق 2024.

2. حزبی سیاسی مافی کشانەوەی لە هاوپەیمانێتی هەیە پێش کۆتاییهاتنی ماوەی پێشکەشکردنی لیستی پاڵێوراوان. پاش کشانەوە، هاوپەیمانێتی مافی ئەوەی هەیە لیستی نوێی پاڵێوراوان پێشکەش بکات.

3. ئەو حزبە سیاسییەی لە هاوپەیمانێتی کشاوەتەوە، مافی پێشکەشکردنی لیستێکی نوێی پاڵێوراوانی هەیە لە چوارچێوەی ئەو وادەیەی کە کۆمسیۆن دیاریکردووە.

4. کۆمسیۆن (تێچووی بەشداریکردن) لەو هاوپەیمانێتییە وەردەگرێت کە بەشداریی هەڵبژاردن دەکات، ئەمەش لەڕێگەی چەکێکی پەسەندکراو بۆ سەر هەژماری کۆمسیۆن کە بڕەکەی (10000000) دە ملیۆن دیناری عێراقییە و بۆ حزب (5000000) پێنج ملیۆن دیناری عێراقییە، وە بۆ لیستی تاکەکەسی (پاڵێوراوی تاک) تێچووی بەشداریکردنی (1000000) یەک ملیۆن دیناری عێراقییە. ئەم بڕە پارانە ناگەڕێندرێنەوە بۆ خاوەنەکانیان و دەبن بە داهاتێکی کۆتایی بە خەزێنەی دەوڵەت.

5. ئەگەر پاڵێوراو ئەندامی حزبێک بێت و سەرپێچییەکی هەڵبژاردنی ئەنجامدا، سەرۆکی حزب ئەو پێبژاردنە لە ئەستۆ دەگرێ کە دەکەوێتە سەر پاڵێوراوەکە. بەڵام ئەگەر پاڵێوراو سەربەخۆ بوو لە چوارچێوەی لیستی هاوپەیمانی یان حزبدا، ئەوا پاڵێوراوەکە خۆی بڕی پێبژاردنەکە لە ئەستۆ دەگرێت.

6. کۆمسیۆن تێچووی دڵنیابوون لە شیاویی پاڵێوراوەکان لە هاوپەیمانێتییەکان و حزبەکان و پێکهاتەکان و تاکەکان وەردەگرێت، بۆ ئەوەی بیدات بە لایەنە تایبەتمەندەکانی لێکۆلینەوە و تێچووەکەش لەلایەن لایەنە تایبەتمەندەکانی لێکوڵینەوە دیاری دەکرێت.

7. بڕی تێچوو کە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ/ بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی تاوان لە حکوومەتی فیدڕاڵی وەردەگیرێت بریتییە لە (250000) دووسەد و پەنجا هەزار دیناری عێراقی بۆ هەر پاڵێوراوێک.

8. بڕی تێچووی لێکوڵینەوە کە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ/ بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی تاوان لە هەرێمی کوردستان وەردەگیرێت بریتییە لە (60000) شەست هەزار دیناری عێراقی بۆ هەر پاڵێوراوێک. لەلایەن

پاڵێوراوەوە دەدرێت بە وەزارەتی ناوخۆ لە هەرێمی کوردستان. پێویستە پسووڵەی وەرگرتن هاوپێچ بکرێت لەگەڵ فایلی پاڵێوراو.

9. بڕە پارەی تێچووی لێکۆڵینەوە لە شیاویی پاڵێوراو، بەپێی چەکی پەسەندکراو دەبێت بۆ سەر هەژماری کۆمسیۆن لە یەکێک لە بانکە حکوومییەکانی هەرێمی کوردستان.

10. لە کاتی کۆتاییهاتنی ماوەی دیاریکراو بۆ پێشکەشکردنی لیستی پاڵێوراوان، ڕێگە بە کشانەوە لە ڕکابەریی هەڵبژاردن یان گۆڕینی لیستی پاڵێوراوان یان هەموارکردنەوەی نادرێت. تەنها لەو حاڵەتە نەبێت کە کۆمسیۆن داوا لە هاوپەیمانی یان حزبی سیاسی بکات لیستەکە بگۆڕێت یان هەمواری بکاتەوە بەمەبەستی تەواوکردنی مەرجە یاساییەکان بۆ لیستەکە.

11. تەنها سەرۆکی هاوپەیمانی یان حزب بۆی هەیە داوای کۆپییەکی بەراییەکانی پاڵێوراوان (اولیات المرشحين)ی ناو حزبەکەی بکات، بەمەرجێک ڕەزامەندی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان وەربگرێت.

12. پاڵێوراو مافی ئەوەی هەیە داوای کۆپییەک لە بەراییەکان (اولیات)ی خۆی لەناو حزبەکەی بکات، بەمەرجێک ڕەزامەندی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان وەربگرێت.

13. ئەگەر کۆمسیۆن ناوی تاکەکەسیی لەناو لیستەکانی پاڵاوتندا ڕەتکردەوە بەهۆی ناشایستەییان، ناوە ناشایستەکان لە لیستی پاڵێوراواندا دەسڕێتەوە و هاوپەیمانی یان حزب ئاگادار دەکرێتەوە بۆ گۆڕینیان. ئەگەر لە ماوەی یاساییدا لیستەکە هەموار نەکرێتەوە، ئەوا باقی لیستەکە بە شیاو دادەنرێت ئەگەر مەرجی یاسایی تێدا بێت.

14. ئەگەر ژمارەی پاڵێوراوان لە دووئەوەندی ژمارەی کورسیی تەرخانکراو بۆ بازنە (ناوچە)ی هەڵبژاردن زیاتر بوو، کۆمسیۆن مافی لابردنی ڕیزبەندیی کۆتایی لیستەکەی هەیە، بەمەرجێک لیستی کۆتایی مەرجەکانی پێشکەشکردنی تێدا بێت.

15. هەر پاڵێوراوێک لەناو لیستی پێکهاتەکاندا، ژمارەی تیرۆپشکی تایبەت بەخۆی بەدەست دێنێت، لەگەڵ دەرکەوتنی ناوی چواریی خۆی نەک ناوی لیست لەسەر پسووڵەی دەنگدان، هەروەها ڕەنگە لۆگۆی لیست لەسەر پسووڵەی دەنگدان بۆ هەر پاڵێوراوێک دەربکەوێت.

16. کۆمسیۆن، سکالای تایبەت بە قۆناغی تۆمارکردنی پاڵێوراوان، بەپێی ئەو ڕێکارانەی پیادە دەکرێن و لەڕێگەی نووسینگەکانی کۆمسیۆن لە پارێزگاکانی هەرێمدا، وەردەگرێت.

17. ئاگادارکردنەوەکانی تایبەت بە پاڵێوراوان لە ڕێگەی ئیمەیلی فەرمی (پۆستی ئەلیکترۆنی) یان پەیوەندیکردن بە ژمارەی مۆبایلەکان یان کورتەنامە (SMS)ی تایبەت بە پاڵێوراوانی هاوپەیمانی یان حزب یان پێکهاتە یان پاڵێوراوی تاک، بە ئاگادارکردنەوەی فەرمی دادەنرێن.

18- ڕێگە بە پاڵێوراو نادرێت لە زیاتر لە لیستێک یان بازنەیەک (ناوچەیەک)ی هەڵبژاردندا خۆی کاندید بکات. بەپێچەوانەی ئەمە، کۆمسیۆن بۆی هەیە ناوی لە هەردوو لیستەکە بسڕێتەوە و بەپێی حوکمەکانی یاسا، ڕێکاری یاسایی بەرامبەری بگرێتەبەر.

19. سەبارەت بە (هاوپەیمانێتییەکان و حزبە سیاسییەکان)، پێویستە ژمارەی پاڵێوراوان لەناو لیستدا زیاتر نەبێت لە دووئەوەندەی ژمارەی کورسیی تەرخانکراو بۆ بازنە (ناوچە)ی هەڵبژاردن و لە دوو پاڵێوراویش کەمتر نەبێت.

20- هاوپەیمانێتییەکان و حزبە سیاسییەکان (بەدەر لە پاڵێوراوی تاک و پێکهاتە) مافی ئەوەیان هەیە چەند کۆپییەک لە فۆڕمی ژمارە (13) بەکار بهێنن کە بگونجێت لەگەڵ ژمارەی ئەو پاڵێوراوانەی لەلایەن ئەوانەوە پێشکەش دەکرێن. پێویستە ئەو زانیارییانەی هاتوون بخرێنە ناو گشت کۆپییەک لەو فۆڕمانە.

21. پێویستە هاوپەیمانێتییەکان و حزبە سیاسییەکان، دەستەبەری ڕێژەی نوێنەرایەتی ئافرەتان بکەن کە لە 30%ی لیستی پاڵێوراوان کەمتر نەبێت، ( ئەگەر ژمارەی پاڵێوراوان لە لیستدا بیست پاڵێوراو بوون، ئەوا پێویستە ژمارەی پاڵێوراوانی ئافرەت بەلانی کەم شەش ئافرەت بن. ئەگەر ژمارەی پاڵێوراوان (17) کەس بوون، پێویستە ژمارەی ئافرەتان بەلانی کەم پێنج ئافرەت بن، ئەمەش بەرزترین ئاستی 30%ە. سەبارەت بە باقی ژمارە تاکەکان، بەمشێوەیە دەبێت.

22. لیستە تاکەکەسییەکان و لیستەکانی پێکهاتەکان بەدەر دەکرێن (استثنی) لە بڕگەی (21).

23. بەدرێژایی ماوەی دیاریکراو لەلایەن کۆمسیۆنەوە بۆ پێشکەشکردنی لیستی پاڵێوراوان، هاوپەیمانێتییەکان و حزبە سیاسییەکان بۆیان هەیە لیستی پاڵێوراوان هەموار بکەنەوە یان بیگۆڕن یان بیکێشنەوە، ناکرێت پاش کۆتاییهاتنی ئەو ماوەیە، ئەو کارە ئەنجام بدەن، مەگەر کۆمسیۆن ئەو داوایە بکات

بەمەبەستی ئەوەی لیستەکە تەواو بکات، ئەمەش پێش کۆتاییهاتنی ماوەی زیادکراو کە لەلایەن کۆمسیۆنەوە دەبەخشرێت و دیاریکراوە بۆ گۆڕانکارییەکان، بەمەبەستی پەسەندکردنیان.

24. لە کاتی پێشکەشکردندا، هاوپەیمانی پابەندە بە ئاشکراکردنی ئەو لایەنەی پاڵێوراوەکەی لەناو لیستی پاڵێوراواندا داناوە بۆ هەر حزبێکی پێکهێنەری هاوپەیمانێتییەکە.

25. پاڵێوراوی پێکهاتە پابەندە بە ئاشکراکردنی جۆری کورسی لە لیستی پاڵاوتندا.

**دووەم: ڕێکارەکانی پێشکەشکردن لەم ڕێگایانەوە دەبێت:**

1- **فۆڕمی نوێنەری ڕێپێدراو ژمارە (11):-** نمونەیەکە، لەلایەن کۆمسیۆنەوە ئامادەکراوە بۆ داواکاریی پەسەندکردنی نوێنەری ڕێپێدراوی هاوپەیمانی یان حزبی سیاسی یان پاڵێوراوی تاک، ئەم بڕگانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:

أ. ( ناوی سەرۆکی هاوپەیمانی یان حزبی سیاسی یان پاڵێوراوی تاک - ناوی هاوپەیمانی یان حزبی سیاسی یان پاڵێوراوی تاک - ناوی چواریی ڕێپێدراو – نووسینگەی هەڵبژاردن – ژمارەی دەنگدەر (رقم الناخب) (ئەگەر هەبوو) – ناوی چواریی و ناسناوی ریپێدراو – شوێن و بەرواری لەدایکبوون – ژمارە و بەرواری کارتی نیشتمانی یان ناسنامەی باری شارستانی – ناونیشانی نیشتەجێبوون – مۆبایل و ئیمەیلی ڕێپێدراو).

ب. دەسەڵاتە دراوەکان بە نوێنەری ڕێپێدرا و کە لە فۆڕمی ڕێپێداندا هاتوون، کە لەلایەن سەرۆکی هاوپەیمانی یان حزبی سیاسی یان پاڵێوراوی تاک واژۆ کراوە.

ج. ( ناوی ڕێپێدراو و بەروار و واژۆ - ناوی سەرۆکی هاوپەیمانی یان حزبی سیاسی یان پاڵێوراوی تاک و بەروار و واژۆ).

د. جۆری کورسی (گشتی، مەسیحی، تورکمان).

2- **فۆڕمی بەڵێننامەی کەسی ژمارە (12):-**

دانپێدانانێکە لەلایەن پاڵێوراوەوە لەبارەی فەراهەمبوونی مەرجەکانی خۆپاڵاوتن تێیدا، وێنەیەکی کەسیی خۆی پێیەوە دەلکێنێ ( وێنەیەکی نوێ کە پشتەوەی سپی بێت) و بەپێی ئەو نمونەیە بێت کە لەلایەن کۆمسیۆنەوە ئامادە کراوە، ئەم بەڵێننامەیە ئەو زانیارییانە لەخۆ دەگرێت:

أ. [ژمارەی دەنگدەر – ناوی چواریی و ناسناو – ناوی سیانیی دایک و ناسناوی – شوێن و بەرواری لەدایکبوون – شوێنی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی – مۆبایل و ئیمەیلی پاڵێوراو – بڕوانامەی خوێندن یان پشتگیریی خوێندنەوە و نووسین – ژمارەی بەڵگەنامەی دەرچوون و بەرواری دەرچوون و ئەو لایەنەی دەری کردووە (ئەگەر هەبێت) – ژمارە و بەرواری ڕەگەزنامەی عێراقی و ناسنامەی باری شارستانی یان کارتی نیشتمانی– جۆری کورسی (گشتی، مەسیحی، تورکمان) – ناوی هاوپەیمانی یان حزبی سیاسی – ڕیزبەندیی پاڵێوراو لەناو لیستی پاڵێوراواندا – لایەنی پاڵاوتن (ئەگەر پاڵێوراو لەناو هاوپەیمانی سیاسیدا بوو) – بازنە (ناوچە)ی هەڵبژاردن کە لێیەوە خۆی پاڵاوتووە – ناوی پاڵێوراو و واژۆ و بەروا].

ب. تێچووی بەشداریکردن و دڵنیابوونەوە لە شیاوی پاڵێوراو.

ج. پاڵێوراو بەڵێننامە دەدات لەبارەی فەراهەمبوونی گشت مەرجەکان تێیدا و پابەندبوونی بە ڕێساکانی ڕەفتار کە واژۆی لەسەر کردووە، هەروەها خۆی لەناو هیچ لیستێک یان بازنەیەکی دیکەی هەڵبژاردن نەپاڵێوێت.

د. پاڵێوراو بەڵێننامە بدات لەبارەی پابەندبوونی بە ڕێساکان و بنەماکانی بانگەشەی هەڵبژاردن کە لە یاسای هەڵبژاردندا هاتوون.

هـ واژۆی سەرۆکی هاوپەیمانی یان حزب یان نوێنەری ڕێپێدراو، مۆری حزب و ناو و واژۆی پاڵێوراو.

و. سەرۆکی هاوپەیمانی یان نوێنەری ڕێپێدراو یان پاڵێوراوی پێکهاتە یان پاڵێوراوی تاک بەڵێن دەدات لەبارەی دروستیی واژۆیەکەی و پەنجەمۆری پەنجەی گەورەی پاڵێوراو. بەپێچەوانەوە، بەرپرسیاریێتی یاسایی هەڵدەگرێت.

**3– فۆرمی ژمارە (13): لیستی پاڵێوراوان:–**

نمونەیەکە، لەلایەن کۆمسیۆنەوە ئامادەکراوە بۆ داوای پەسەندکردنی پاڵێوراوان، ئەم بڕگانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:

أ. ناوی هاوپەیمانی و ناوی سەرۆکی هاوپەیمانی یان حزبی سیاسی و ئامرازەکانی پەیوەندیپێکردن.

ب. جۆری کورسی (گشتی، مەسیحی، تورکمان).

ج. بڕەپارەی تێچووی لێکۆڵینەوە لە شیاویی پاڵاوتن و تێچووی بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا.

د. ژمارە و بەرواری مۆڵەتی هاوپەیمانی یان حزبی سیاسی کە لە فەرمانگەی کاروباری حزب و ڕێکخستنە سیاسییەکان تۆمارکراوە، هەروەها لە هەرێمی کوردستان تۆمارکراوە.

هـ . ناوی چواریی پاڵێوراو و لایەنی پاڵاوتن.

و. ڕەگەزی پاڵێوراو.

ز. پەنجەمۆری پەنجەی گەورەی چەپی سەرۆکی هاوپەیمانی یان حزبی سیاسی یان نوێنەری ڕێپێدراو.

ح. پێویستە فۆڕمی ژمارە (13) پاش پڕکردنەوەی گشت زانیارییەکانی ناوی، بە چاپکراوی پێشکەش بکرێت. پێویستە هیچ داخورانێک یان سڕینەوەیەک لە فۆڕمەکەدا نەبێت و لە ماوەی دیاریکراو لەلایەن کۆمسیۆنەوە، پێشکەش بکرێت.

4- **فۆرمی ژمارە (14):-** نمونەیەکە، لەلایەن کۆمسیۆنەوە ئامادەکراوە، پاڵێوراو بەڵێن دەدات کە پابەندی ڕێساکانی ڕەفتار بێت و سەرپێچی بەندەکانی نەکات. ئەمانە لەخۆ دەگرێت:

أ. ناوی چواریی پاڵێوراو و بەروار و واژۆی.

ب. پەنجەمۆری پەنجە گەورەی چەپی پاڵێوراو.

5- **فۆڕمی ژمارە (15) دڵنیابوون لە (خوێندنەوە و نووسین) بە دەستخەتی پاڵێوراو پڕ دەکرێتەوە و ئەمانە لەخۆ دەگرێت:**

ناوی پاڵێوراو و واژۆی پاڵێوراو و بەروار، هەروەها پڕکردنەوەی خانەی تایبەت بە خوێندنەوە و نووسین.

6- **فۆڕمی ژمارە (16):-**

**پسووڵەی وەرگرتنی بەراییەکانی پاڵێوراوان بۆ لیستە تاکەکەسییەکان (پاڵێوراوانی تاک)، ئەمانە لەخۆ دەگرێت:-**

أ. کات و بەرواری پێشکەشکردن و ناوی پارێزگا.

ب. ناوی تەواوی پاڵێوراوی تاک، وەک ئەوەی خۆی دەیەوێت لەسەر پسووڵەی دەنگدان دەر بکەوێت.

ج. فۆڕمی بەڵێننامەی کەسی بۆ پاڵێوراو.

د. ڕێساکانی ڕەفتار و کۆپییەکی ئەلیکترۆنی و کاغەزیی لە دروشم (ئەگەر هەبوو).

هـ. بڕی تێچووی لێکۆڵینەوە و تێچووی بەشداریکردن لە هەڵبژاردن.

و. بەڵێننامەی کەسیی پاڵێوراوی تاک و بەڵگەنامەی خوێندن ئەگەر هەبوو، لەگەڵ بەڵگەنامەکانی سەلماندن.

ز. ناوی پاڵێوراوی تاک یان نوێنەری ڕێپێدراو و واژۆیەکەی، ناو و واژۆی فەرمانبەری تایبەتمەند و بەروار (لەلایەن ئەو فەرمانبەرەوە پڕدەکرێتەوە کە کۆپیی فۆڕمەکەی ڕێکخستووە).

ح. کۆپییەک لە ڕێساکانی ڕەفتار.

**7- فۆڕمی ژمارە (17):**

**پسووڵەی وەرگرتنی لیستی پاڵێوراوان (هاوپەیمانی یان حزب):**

نموونەیەکە، لەلایەن کۆمسیۆنەوە ئامادەکراوە وەک پسووڵەیەک بۆ وەرگرتنی لیستی پاڵێوراوان. پاش وەرگرتنی لیستی پاڵێوراوان، فۆڕمی ژمارە (13) و بەڵێننامە کەسییەکان و هاوپێچەکان، فەرمانبەری وەرگرتن هەڵدەستێت بە ڕێکخستنی دوو کۆپیی لەم فۆڕمە. پاش واژۆکردنی لەلایەن هەردوو لایەن (فەرمانبەری وەرگرتن و نوێنەری ڕێپێدراو)، یەکێکیان ڕادەستی سەرۆکی حزب یان نوێنەری ڕێپێدراو دەکات. فۆڕمەکە ئەم زانیارییانە لەخۆ دەگرێت:

أ. کات و بەرواری پێشکەشکردن.

ب. ناوی تەواوی هاوپەیمانی یان حزبی سیاسی.

ج. بەڵگەنامەکانی دەرچوون، ژمارەی کۆپییەکان (ئەگەر هەبوو).

د. بەڵێننامە کەسییەکانی تایبەت بە پاڵێوراوان، ژمارەی لاپەڕەکان.

هـ. چەکی تێچووی لێکۆڵینەوە و تێچووی بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا.

و. فۆڕمی ژمارە (13)، لیستی پاڵێوراوانی بازنە (ناوچە)ی هەڵبژاردن.

ز. ناوی ئەو پارێزگایەی کە هاوپەیمانی یان حزبی سیاسی لیستی پاڵێوراوانی تێدا پێشکەش کردووە.

ح. ناوی سەرۆکی هاوپەیمانی/ حزب یان نوێنەری ڕێپێدراو، لەگەڵ بەروار و واژۆیەکەی.

ط. ناوی فەرمانبەری وەرگرتن و واژۆیەکەی و بەروار (لەلایەن ئەو فەرمانبەرەوە پڕدەکرێتەوە کە کۆپیی فۆڕمەکەی ڕێکخستووە).

ی. کۆپییەک لە ڕێساکانی ڕەفتار.

**تێبینی:-** پێویستە ئەو بەڵگەنامە و سەلماندنانەی خوارەوە کە تایبەتن بە هەر پاڵێوراوێک، هاوپێچ بکرێن، بۆ دڵنیابوون لە مەرجەکانی پاڵاوتن:

- کۆپییەکی ڕەنگاوڕەنگ لە ناسنامەی باری شارستانی و ڕەگەزنامەی عێراقی یان (کۆپییەکی ڕەنگاوڕەنگ لە کارتی نیشتمانیی پاڵێوراو).
- کۆپییەکی ڕەنگاوڕەنگ لە کارتی بایۆمەتریی درێژخایەنی پاڵێوراو.
- بەڵگەنامەی ڕەسەنی دەرچوون یان پشتگیری دەرچوون کە ئاڕاستەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان کرابێت و لەلایەن لایەنی دەرخەر مۆر کرابێت، یاخود نووسراوی هاوتاکردنی کۆتایی (ڕەسەن) بۆ بەڵگەنامەی خوێندن کە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا یان وەزارەتی پەروەردە دەرچوو بێت سەبارەت بە دەرچووانی زانکۆ و قوتابخانە ناعێراقییەکان کە ئاڕاستەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان کرابێت و هاوپێچ بکرێت لەگەڵ بەڵگەنامەی پێشکەشکراو (ئەگەر هەبێت).
- کۆپییەک لە ڕێساکانی ڕەفتار کە لەلایەن کۆمسیۆنەوە ئامادە کرابێت و لەلایەن پاڵێوراوەوە واژۆ کرابێت، لەگەڵ پەنجەمۆری پەنجەگەورەی چەپی.
- پێویستە هاوپەیمانی و حزبی سیاسی و لیستە تاکەکەسییەکان (پاڵێوراوانی تاک) ئەم زانیارییانەی سەرەوەی گشت فۆڕمەکان بەشێوەیەکی وورد و ڕوون پڕ بکەنەوە و چاپی بکەن.

**ئەم ڕێنماییانە، لەلایەن ئەنجوومەنی کۆمسیارانەوە لە بەرواری 2024/3/6 پەسەند کراون.**